# کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسادا

ئاڵقەی یەکەم
لە فرانسییەوە وەرگێڕانی:
د.نەجاتی عەبدوڵڵا

---

**دەروازەیەک:**

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت و گەلێکیش لە ڕاستییەوە نزیك بێت کە، مێژووی کورد بە تایبەت مێژووی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی بە پلەی یەکەم لە ئەرشیڤخانەکانی پاریس و لەندەن و مۆسکۆ پارێزراو بن. ئەمرۆ یەکەم ئەرکی سەرەکی بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی کورد کۆکردنەوە و وەرگێرانی ئەم بەڵگەنامانەیە کە بە چاك و خراپ دەبێ سەرلەبەریان بکرێنە کوردی و بخرێنەوە بەردەست مێژوونووسانی کورد. ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فرانسا یەکێك لە ئەرشیڤخانە دەوڵەمەندەکانی فرانسایە و کۆمەڵێك بەڵگەنامەی زۆر نایاب لەبارەی کورد و کوردستان لەناو ئەم ئەرشیڤخانەیەدا پارێزراون. حەزدەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم کە، من تەواوی بەڵگەنامەکانی ناو ئەم ئەرشیڤخانەیە ئەوەی تایبەتە بە کورد کۆپیم لەبەر هەڵگرتوونەتەوە و وا خەریکە تەرجەمەیان دەکەم و دواتر لە چەند بەرگێکدا لەگەڵ ئۆریژینالە فرانسییەکە بەسەر یەکەوە بڵاویان دەکەینەوە. بۆ ئەوەی بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە چیتر دوا نەکەوێ لێرە بەدوا بە ئاڵقە بەڵگەنامەکان بڵاودەکەینەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە: ١**[١]

**Quai d'Orsay**

**کۆنفرەنسی ئاشتی**

سکرتاریەتی گشتی

پاریس، ٢٣ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩

بۆ بەڕێز:

بەڕێوەبەری کاروباری سیاسیی و بازرگانی سکارتاریەتی گشتی کۆنفراسی ئاشتی شەرەفی ئەوەی هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیە بۆ بەرێوەبەرایەتی کاروباری سیاسیی و بازرگانی کۆپی سێ نامە کە، لە لایەن کەسایەتییە کوردەکان لەبارەی ستاتووی وڵاتەکەیان ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆکی کۆنفرەنسی ئاشتی کراوە، ڕەوانە بکات.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

**پاریس، ٢٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩**

بۆ جەنابی جۆرج کلیمۆنسۆ[٢]، سەرۆکی کۆنفرانسی ئاشتی،

سەرۆکی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیە دوو نامەی مۆرکراوی سەید عەبدولقادر ئەفەندی، سیناتۆر و کۆنە سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت بە سیفەتی سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردەکان، بگەیەنمە دەست جەنابتان بۆ ئەوەی بخرێنە بەردەم بڕیاردانی بەرزی ئەنجومەنی باڵای کۆنفراەنسی ئاشتی.

من ڕێگە بەخۆم دەدەم ئەوە زێدە بکەم کە لەگەڵ گەیشتنی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی[٣] بۆ دەسەڵات، چارەنووسی هەموو ئەوانەی بە هیوای سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان بوون لە تورکیا بە چەوساندنەوەیەکی دلڕەقانە تاوانبار دەکرێن و ئەوە ئەرکی ئینسانیانەی ئەنجومەنی باڵای ئێوەیە کە ڕێگە لە خوێن ڕشتن بگرێ. وەسیلەیەکی دیکە بۆ سەقامگیرکردنی ئارامی لە کوردستان ئەوەیە کە واز لە پرۆژەی دابەشکردنی ئەم وڵاتە بۆ دوو بەش و هەروەها خستنە بەردەست دوو مانداتی جیاواز بهێنن.

نە لە ڕوانگەی ئیتنیکی و نە لە ڕوانگەی جوگرافییەوە ناکرێ کوردستان پارچە پارچە بکرێ. بەڵام ئەگەر تەنها یەك وڵاتی لێ دوورست بکرێ کە سەر بە مانداتی یەك زلهێز بێ کە خەمی ئەوەی بێ کوردستان دووبارە ڕێکبخاتەوە ئەوا کوردستان دەبێتە فاکتەرێکی بەهێزی ئاشتی و ئارامی. هەروەها ڕۆڵی وڵاتێکی تامپۆن لە سیستمی نوێی ئاسیای بچووکدا دەبینێ.

زۆر جێگەی داخە کەوا کۆمسیۆنی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان بەشێوەیکی سیستماتیك کوردەکان دووردەخەنەوە بۆ ئەوەی تەنها گوێ لە دەسەڵاتکارانی تورك بگرن کە بە هەڵە لەبارەی خواستەکانی کورد دنەیان داون.

سەرۆکی بەڕێز ڕێزلێنانی زۆر بێپایانم قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا شەریف

سەرۆکی وەفدی کوردی

***

## بەڵگەنامەی ژمارە: ٣

## کۆنستانتینۆپل، ٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس.

سەرۆکی بەڕێز،

دەمگۆی ئەوەی کە کوردستان دەکرێتە دوو ناوچەی جیاواز، کوردستانی باشوور و کوردستانی باکوور و پێدانیان بە دوو هێزی جیاواز هەر بەردەوامە. من ڕێگە بەخۆم دەدەم بەشێوەیێکی نەوازشکارانە سەرنجی جەنابی پایەبەرزتان بۆ ئەوە ڕابکێشم بەوەی کە ئاوا لەتبوونێکی کوردستان هەرگیز بەهیچ شێوەیەك ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نزیك[٤] سەقامگیر ناکات.

کورد لەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیتحادی دا نین ڕەتیانکردەوە کە لە دژی هێزی هاوپەیمانەکان شەڕبکەن و لەو هەرێمانەی کە تورکەکان دەسەڵاتی خۆیان تێدا نەسەپاندبوو، ئەرمەنییەکانیان پاراست و ئێستە چاوەڕوانی دادپەروەری کۆنفرەنس دەکەن تا کوردستان وەك دەوڵەتێکی یەکپارچە بناسێ.

ڕاستیەکەی کوردستان لەو سنوورانەی کە ئێمە شەرەفی ئەوەمان هەبوو بۆ کۆنفرەنسمان دیاریکرد یەك ئیتنیکی پارچەنەکراوە و پێدانی بە چەند مانداتی زلهێزی جیاجیا ئەم دەروناوچانە نوقمی ناو پشێوییێکی بێ کۆتایی دەکات.

سەرۆکی بەڕێز، من زۆر کرنۆشبەرانە ڕێزی دڵسۆزیی خزمەتکارانەم بۆ جەنابی بەڕێزتان هەیە.

(ئیمزا)

سیناتۆر

سەید عەبدول

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

## بەڵگەنامەی ژمارە: ٤

## کۆنستانتینۆپل، ٢ ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا لە پاریس.

سەرۆکی بەڕێز،

ڕێگە بە خۆم دەدەم سەرنجی جەنابی پایەبەرزتان بۆ ئەم کردەوانەی خوارەوە ڕابکێشم کە لە تورکیا ڕوودەدەن.

لە دەستپێکی ئاگربەس، حکومەتی تورك تا ڕادەیێك سینگفراوانی خۆی نیشاندەدا و دژایەتی ئەوەی نەدەکرد لەوەی کوردەکان بە گوێرەی پرەنسیپی نەتەوەکان، ڕێگەی خۆیان بگرنە بەر بۆ ڕزگاربوونیان. لەکاتێکدا تەواو ڕێز لە دامەزراوە سیاسییەکانی ئەرمەن، یۆنانی و جوولەکە دەنێ، بەڵام دواجار حکومەتی تورکیا یانەکانی ئێمەی داخست، نوێنەر و موفەتیشە نێردراوەکانی ئێمەی دەستگیر کرد، دوای ئەوە ئەو کۆمیسیۆنانەی لێکۆڵینەوە کە بۆ کوردستان دێن ناتوانن لەم ڕەوشەی ئێستەدا خواستەکانی گەلی کورد لەبەر چاو بگرن.

کوردەکان کە تینووی پڕ حەماسی نەتەوەخوازی گەرم و گوڕن دەتوانن زۆر چاك چەك بگرنە دەست و فروفیشالکارەکان لە وڵاتی خۆیان ڕابماڵن. بەڵام بەر لەوەی بەو جێگەیە بگەین ئێمە هەوڵدەدەین هەموو وەسیلەیەکی ئاشتیخوازانە بگرینەبەر و خۆمان لە ئاژاوە بەدوور بگرین کە ماموورە پۆلیسەکانی ئیتحادییەکان دەتوانن لەو ناوەندانەی بنێننەوە کە تورکەکانیشی تێیدا دەژین.

ئێمە لە جەنابی بەڕێزتان دەپاڕینەوە کە بە تەواوی نفوزی خۆتان لای حکومەتی کۆنستانتینۆپل بخەنە گەڕ تا واز لە ئازاردانی نەتەوەی کورد بهێنێ.

بەو هیوایە و لە چاوەڕوانی ئەم دەستپێوەردانە خۆشبەختانەیە، بەندە کرنۆشبەری زۆر بچوك و خزمەتگوزاری ئیرادەتمەندتانم.

(ئیمزا)

سیناتۆر

سەید عەبدول

سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی کورد

***

## بەڵگەنامەی ژمارە: ٥

## دووەم یادداشتنامەی ژێنێرال شەریف پاشای سەرۆکی وەفدی کوردیی بۆ بەڕێز سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی

## (یەکی ئاداری ١٩٢٠)

بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی

سەرۆکی بەڕێز،

کێشەکانی ئەرمەن کە خراونەتە بەردەم کۆنفرەنسی ئاشتی نابێ لەو کێشانە جیابکرێنەوە کە تایبەتن بە کێشەی کورد. ڕاستییەکەی کوردەکان نەك هەر زۆرینەی هەرە زۆرن لەو بەشانەی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە ئەرەمەنەکانی لێیە، بەڵکو زیاد لەوەش گرۆیەکی هاوپێکەوەبەند و هاوڕەگەزن.

وڵاتی کوردەکان بریتیین لە ویلایەتە عوسمانییەکانی دیاربەکر، خارپووت، بتلیس، وان، مووسڵ، و سنجاقی ئورفە. ئێلیزێ ڕیکلیوس[٥] هەتاوەکوو ویلایەتی ئەرزەرۆم-یش دەخاتە ناو سنوورەکانی کوردستانەوە.

دەرهاویشتە مێژوویی و ئیتنیکییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم وڵاتانە ناکرێ لە ئیمپراتۆریای عوسمانی دابماڵێن بۆ ئەوەی جگە لە دەسەڵاتی کوردەکان خۆیان بکەونە ژێر هیچ دەسەڵاتێکی دیکەوە.

مێژووناسانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن کە کورد لە گەلانی کۆنی ئێرانین کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕووبارەکانی سەیحوون و جەیحوون و لە ڕۆژئاوا بۆ ڕووبارەکانی سەیحان و جیهان و لەوێشەوە تا زەریای ناوەڕاست، لە باکوورەوە تا زەریای قەزوین و قەوقاز و لە باشووریشەوە تا کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە.

بەگوێرەی مێژوونووسە ئەورووپی و موسلمانەکان، کورد سەرەتا زوو لە داوێنی چیای جوودی[٦] نیشتەجێبوون و لەوێشەوە گەیشتوونەتە زەریای ڕەش، زەریای ناوەڕاست و زەریای عومان. ٤٠٠ ساڵ پێش زایین، گەزنەفۆن چاوی بە کاردۆخەکان (کوردەکان) کەوتووە لە دیاربەکر، خارپووت و وان. هەروەها بەهەمان شێوە شوێنکاری کوردەکان لەکاتی لێکۆڵینەوەی شانشینەکانی بابل، ئاشووری و مێدیا دەبینرێ.

ئەلبێر ماللێ[٧] هەتا گووتوویە کە " کوردەکان ئاشوورییەکانی سەردەمانی ئێستەن".

کورد لە دوای جەنگی قادسییە ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکات. کوردەکان وێرای هاوسۆزییان لەگەڵ داگیرکارە عەرەبەکان، لەهەمان کاتدا لەو لای دیکەوە هەمیشە ناسیۆنالیتەی خۆیان پاراستووە. ساڵی ٩٥٠ لە دیاربەکر حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی بەسەرۆکایەتی عەلی مەروان دادەمەزرێن.

دوای ئەوەی لەسەدەی یانزەهەم لە لایەن سەلجوقییەکان داگیر دەکرێن، دوای ئەوە کوردستان سەرلەنوێ سەربەخۆیی خۆی وەچنگ دەخاتەوە. بەڵام وەك چۆن کەوتبوونە نێو بەرداشی ئێرانییەکان و تورکەکان، کوردەکان لە خەباتێکی بێوچاندا ناچار بوون تاوێك بەولایاندا و تاوێکی دیکە بەو لای دیکە دابچن. شکستی شای ئێران، شا سمایلی سەفەوی و هەروەها ناسنامەی هاوئاییینی لەگەڵ تورك، بەوە کۆتایی هات کە کوردەکان بەلای تورکەکاندا شکانەوە. سەرۆکی کورد، ئیدریس بەدلیسی لەگەڵ سولتان سەلیم کەوتە وتووێژ و کوردستان بەو مەرجە بە ئیمپراتۆریای عوسمانی وەلکێنرا کە کوردەکان ئازادی خۆ بەڕێوەبردنیان بپارێزن و تەنها سوپایەکی ئالیکار بۆ سوپای سولتان بنێرن.

وڵاتی کوردان خاکەکەی دەوڵەمەندی خۆی هەیە، کانەکانی، دارستانەکانی، ڕێگە و بان و زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە. نەخشەی کوردستانیی عوسمانی لە باکوور لە بەشی باشووریی چیای ئارارات دەستپێدەکات لەو شوێنەی کە سنوورەکانی تورکی، ڕووسی و ئێرانی پێکدەگەن و پاشان بەرەو باشوور لەگەڵ سنووری تورکی-ئێرانی شۆڕدەبێتەوە. پاشان لە لایەك تا هەرێمەکانی بایەزید، وان، هەکاری، ڕەواندوز، مووسڵ، کەرکووك، هانێکێن و لەو لای دیکەشەوە تا ئەرزەرۆم، ئەرزەنجان، بتلیس، مووش، خارپووت، دیاربەکر، ماردین، ئەلجەزیرە.، سیڤێریك، ئورفە، رەئسو العەین و سنجار درێژ دەبێتەوە.

کوردەکان بە بێ ئەوەی کۆچەر بن، کەچی دابەشی سەر هۆزەکان بوون و هەتا بە ویستی خۆیان ملکەچی سولتان سەلیم بوون، ٤٦ میرنشینی بەرچاویان پێکهێناوە کە شارەکانی دیاربەکر، دینەوەر، چاریسوول[٨]، لوڕ، ئەردەل، هەکاری، ئامێدی، کورکل، فینەك، حەسەن کێف، تەهموش کوزەك، میرداسی، ئەگیل، ساسۆن، حەڕان، کلس، شێروان، دێرسیم، ئەردەگان، حاق، بەرکل، سیدی، سلێمانی، شەهروون بەرگۆن، قەڵای داود- پلنگان، بەتلیس، کارزان، بۆلان هتد. بە جۆرێك کە مۆمسێن[٩] لە مێژووی ڕۆمانییەکەی خۆیدا ئەرمێنیا و وڵاتی کوردان لە نێو سەرچاوەکانی ڕووباری فورات و دەجڵەدا دادەنێ. ئەنسیکلۆپیدیای نیوتالسی[١٠] ئینگلیزی زۆر ئاشکراترە و وا دەقاو دەق ئەم چەند وشانە ڕادەگوێزینەوە: " ئەرمێنیا وڵاتێکە لە ڕۆژئاوای ئاسیا، لە ڕۆژئاوای زەریای قەزوین، لە باکووری چیایەکانی کوردستان، لە نێوان ڕووسیا، تورکیا و ئێران دابەشکراوە و بانێك دەگرێتەوە کە شیوە بە پیت و فەڕەکانی دووکەرتی دەکات کە لەسەر چیای ئارارات دەگاتە ئەو پەڕەکەی". ئەمەیان ئەو بەدەستدراوە مێژوویانەیە لەسەر سنوورە تایبەتییەکانی کوردستان و ئەرمێنیا. جا ئەگەر لەو ئەرمێنیایەی کە خەریکە دروست ببێ، ئەو ناوەندانە بگرێتەوە کە کوردەکان تێیدا زۆرینەن ئەوا نەك هەر پێشێلکاری هەموو پرەنسیپێکی ناسیۆنالیستی و مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بە دەستی خۆیان دەکرێ، بەڵکو ئەو خەڵکە (خەڵکی کورد ،و.) بەو پێیە جەنگاوەرن و پابەندن بە سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆیان، هیچ گومانی تێدا نییە کە لەم ئەرمێنیایەی دوارۆژ، پشێوی و ئاژاوە ئەم دەوڵەتە ئیستیتانییە دەگرێتەوە، مەگەر هاوپەیمانەکان بە بەردەوامی هێزێکی گەورەی تێدا بهێڵنەوە کە ئەو هێزەش خۆی

دەشێ بەرەو ڕووی پەلاماری جەنگیی پارتیزانی ببێتەوە.

ئەرمەنەکان بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوەی هەقی پێکەوەنانی ئەرمەنستانی گەورەیان هەیە ئەوە دەوروژێنن کە لە دەورانی تیگران[١١] ٥٠ ساڵ پێش زایین شانشینێکی ئەرمەنی هەبووە، بەڵام ئەوان ئەوەیان لە بیرچووە ئەوە زێدە بکەن کە خاکەکەیان کە لە بنەواندا سەر بە ئیمپراتۆریای ڕۆمان بووە و هەمووی لە لایەن پۆمپی[١٢] هەر لە دەورانی تیگران خۆیدا داگیرکرانەوە. ئەم " ئەرمەنستانی گەورەیە" نابێ لانکەی ئیتنیکی ڕەگەزی ئەرمەن بێت. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە چەند هەزار ئەرمەنییەك بەناو وڵاتی کوردان پەرت و بڵاوبوونەوە، بەمشێوەیەی کە ئەنسیکلۆپیدیای Nuttals نووسیوویە کە" لەوەتای دەورانی گەلێك کۆنەوە، ئەرمەنەکان هەمیشە پەرپیووەی وڵاتانی هاوسێیان بوون و لەوێدا وەك جوولەکەکان هەر تەنها خەریکی کاروباری بازرگانی بوون و زۆربەشیان صەرافن". لەکاتێکدا کوردەکان وەك گرۆیێکی هاوڕەگەز لە ئەرزەرۆم، بتلیس، موش، وان، دیاربەکر، ماموورەت ئەلعەزیز، مەلاتییە، ئورفە، موسل، سلێمانی و بەشێکی بەغدا دا دەژین. ئەرمەنەکان خۆیان لە هیچ شوێنێکدا زۆرینە نین و هەر تەنها سەرقاڵی بازرگانین و لە شارەکان یان لە ناوچە هاوسێیە نزیکەکانی کوردەکان نیشتەجێن. مولکداری و مولکدارێتی گوندیی هەموویان سەرلەبەریان لەژێر دەستی کوردەکانن. بواری چالاکی ئەرمەنەکان لە شارەکان و دەوروبەری ڕێگە و بانە گەورەکان گیری خواردووە.

لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، ئەرمەنەکان بە هیچ کلۆجێ لە ڕێژەی ٢٥٪ تێپەڕ ناکەن. ژێنێرالی ڕووس باسیلۆڤ[١٣] لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لەبارەی ئەم بەشەی ئاسیای بچووك، ئەوەی دەرخستووە کە ڕێژەی ئەرمەن هەر یەك ئەرمەنی بەرامبەر شەش کوردە. لەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ماوەی دروستکردنی سوارەی کوردیی ناسراو بە "حەمیدیە" کراون ئەوە دەرئەنجام دەکرێ کە بەر لە ٢٥ ساڵ، ژمارەی دنیشتوانی کورد بە ٤ تا ٥ ملیۆن کەس خەملێنراوە. سەرژمێرییەکە لە دوای پەیماننامەی بەرلین، لەژێر چاوەدێری کۆمسیۆنێك کراوە کە خوالێخۆشبوو ژێنێرالی ئینگلیز بەکر پاشا و خوالێخۆشبوو سەعید پاشا، سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها میناس ئەفەندی بەگزادەی ئەرمەنەکان کراوە، بە نموونە بۆ هەرێمی دیاربەکر ژمارەی ٦٠٠٠٠٠ موسلمان بەرامبەر بە ٢٤٠٠٠٠ مەسیحی بەدەستەوە دەدات.

لەو لای دیکەوە، نامیلکەیەکی نهێنی کە لە لایەن سەرکردەی گشتی ڕووس، کە مەیلی ئەرمەنخوازیشی هەیە، بۆ شاری وان ڕێژەی ٤٥٪ کورد بەرامبەر بە ٢٥٪ ئەرمەنی و بۆ بەتلیس ٥٥٪ کورد بەرامبەر بە ٣٩٪ ئەرمەنی بەدەستەوە دەدات بە بێئەوەی ژمارەی تورکەکانیش حسێب بکرێن.

تەنها لە هەرێمی وان و مووش کورد و ئەرمەن بە نزیکەیی لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە وەك یەکن. لە هەرێمی بەتلیس ٥٠٪ ی کورد و ٤٠٪ ی ئەرمەن بوون. کوردەکان لە هەکاری ٥٦٪، لە سیرت ٦٠٪ ، لە گەنج ٧٩٪ ی دانیشتوان بوون. لەم

هەرێمانەی دوایی، ئەرمەنەکان بە زمانی کوردی قسەدەکەن.

هەرچی سەبارەت بە دابەشبوونی ئایینییە، هەر بەگوێرەی هەمان نامیلکە، لە هەرێمی وان ٥٤٪ موسلمان، ٤٣٪ ی مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە مووش ٥١٪ ی موسلمان، ٤٨٪ ی مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە سیرت ٦٥٪ ی موسلمان و ٣٤٪ مەسیحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە. لە گەنج ٧٩٪ ی موسلمان، ٢٠٪ ی مەسحی و ١٪ ی ئاینەکانی دیکە بووە.

لەو ٣٢ قەزایەی کە ویلایەتەکانی وان و بتلیس پێکدەهێنن، تەنها هەشتیان لەوانە زۆرینەی مەسیحین. لە قەزایەکانی دیکە بەگوێرەی ستاتستیکە ڕەسمییەکانی ڕووس خۆیان ئەوا موسلمانەکان زۆرینەن. بێجگە لەوە ئەو ناوچانەی کە ئەرمەنەکان داوایان دەکەن، وەك بایەزید، ئەلاشگەرد، قەرە-کیلیستی، مەلازگەرد، بولانیك، خنس، تەکمەن، ئەخلات و مووش لە هەمووان دەوڵەمەدتر و بە پیت و فەڕترن، دەتوانین بڵێین کە کۆگەی دانەوێڵەی کوردستانن. لەدەستدانی ئەم ناوچانە باقی وڵاتەکە تووشی مالوێرانکاری دەکات و لەڕووی ئابوورییەوە دەیانخاتە ژێر دەستی ئەرمێنیا. هەتا لە باکووریش، سنجاقی گەنجە، قەزایەکانی سامسۆن و مۆتکی دارستانی چڕو پڕی لێیە، هەروەها کانی ئاسن و هی دیکەی لێیە. کانە ئاسنەکانی ساسۆن بە کانزا و ئاسانی دەرهێنان بەناوبانگن، هەر لە هەمان ناوچەدا، لە قەزای بولانیك چیایەکانی بێلیدجانی لێیە کە بە خەلووز دەوڵەمەندە.

ئەستەمە کوردەکان دەستبەرداری ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندانە بن، بە تایبەت ئەگەر لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە لێوردببینەوە دەبینین تێبینی ئەوە دەکەین کەوا سنجاقی موش، لە چەند بەشێکی قەزایەکانی بولانیك و ئەخلات، کە هاوسێی گۆڵی وان-ن، ژمارەی ئەرمەنەکان پێش جەنگ یەکسان بوو لەگەڵ ژمارەی کوردەکان.، لە باقی ناوچەکانی دیکەی ئەم هەرێمانە ١٥٪ ئەرمەن بەرامبەر ٨٥٪ کوردن. لە بایەزید، ئەلاشگەرد، تەکمان و دەوروبەری، تەنها هەر کوردی لێیە و زۆر کەم ئەرمەنی لێیە. لە باشووری گۆڵی وان، هەروەها لە قەزایەکانی موکەس، خیزان، ڕەوشەکە بە هەمان شێوەیە.

بەمشێوەیە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە داخوازینامەکانی ئەرمەنەکان بۆ سەر ئەم دەرو ناوچانە پاڵنەری دەوڵەمەندی خاکەکەیەتی و بەهۆی زۆرینەی وەهمی ژمارەی دانیشتوانەکەیەوە نییە.

بەڵام دابەشکردنی دەوڵەمەندی خاك لە ناوچە کوردییەکان نابێ بەهیچ شێوەیەك نە ببێتە بیانووی جیاکردنەوەی کوردستان بۆ چەند ناوچەیەکی نفوز و نە بۆ دابەشبوونی. کوردستان بەسەر یەکەوە یەکەیەکە و لە کاتی داپچڕانی لە ئیمپراتۆریای عوسمانی ناشێ لە ڕووی ئابوورییەوە پێشبکەوێ تەنها بە پشت بەستن نەبێ بە کۆمەگی تاکە دەوڵەتێکی مانداتێر کە بە ڕەزامەندی کورد و لە لایەن کۆمەڵەی گەلان دەستنیشانبکرێ.

کوردستان کە هەتا وەکوو وەفدی ئەرمەن لە کۆنفرەنسی ئاشتی دانی بە بوونی کوردستان نا وەك لەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەماندا هاتووە کە لە ٢٠ ی١١ ی ١٩١٩ ئاڕاستەی سەرۆکی ئەم کۆنفراسەمان کردووە، بەجۆرێك کە کوردستان داخوازینامەکانی پشت ئەستوور بوون بەو پرەنسیپە جێگیرانەی کە

پێشکەش بە کۆنفراسەکە کرا لە پێناو سەقامگیرکردنی ئاشتییێکی ڕاستەقینەی جیهانی، بەگوێرەی ئەوەی:

١- مافی نەتەوەکان لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان،

٢- مافی زۆرینە.

٣- مافی پێشکەوتنی ئازاد بۆ گەلانی جیاواز بەگوێرەی ویستی نەتەوایەتیان.

بۆ کورتکردنەوەی ئەم داخوازینامانە کە لە جارنامەکانی پێشوومان سەرچاوە دەگرن، ئێمە شێلگیرانە دژی هەموو بڕوبیانوهێناوەیەکین لەسەر کوردستان کە هێڵەکانی سنوور بەمشێوەیە نەبێ کە ئێمە لەو نەخشەیەی کە کراوەتە هاوپێچ دیاریمانکردووە، کە دەبێ ئەم ناوچانە هەر بۆ کوردەکان بمێننەوە.

بەرووبوومی نەتەوەیی لای کورد ئەمڕۆ بە ڕووییێکی سەرەکی ئاژەڵداری مەڕو ماڵاتە کە بە هۆی هەلومەرجی ئاو و هەوا پێویستی بە لەوەڕەگای هاوینانە و زستانانە هەیە، جا بۆ ئەوەی ئەم گەلە لە کلۆڵی ئابووری بپارێزرێ، بۆیە ئێمە داوا دەکەین دەموودەست ئەم لەوڕگایانە نەکەونە ئەودیوو ئەو هێڵانەی سنوور کە بۆ کوردستان دیاریدەکرێن.

ئێمە بە پشتبەستن بە پێشینەی یۆگسلاڤیا، پۆلۆنیا و ئەرمێنیا داوا ی پیادەکردنی دەروویێکی زەریایی دەکەین لە کوردستان کە لەسەر زەریای ناوەڕاست بکرێتەوە، هەروەها بە ئاڕاستەی زەریای قەزوین بۆ ڕۆیشتنی نەوت و بەروبوومە کانزایی و دارستانییەکانی دیکە.

دواجار ئێمە لە کۆنفرەنسی ئاشتی دەپاڕێینەوە کەوا کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتیی دابنێ کە ئەرکی دیاریکردنی هێڵکێشانی سنوورەکان بەگوێرەی پرەنسیپی ناسیۆنالیتی بگرێتە ئەستۆ بەجۆرێك کە کوردستان هەموو ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە کوردەکان تێیدا زۆرینەن و بێگومان لە حاڵێکدا ئەگەر لەوناوچانەی کە سەر بە کوردستان دەبن گرۆیێکی بەرچاوی نەتەوەیی دیکە هەبوون، ئەوا بە گوێرەی ترادسیۆنی نەتەوایەتیان ستاتووی تایبەتیان پێدەبەخشرێ.

بێجگە لەوە ئێمە بڕوای تەواومان بە ڕۆح و حیکمەتی ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی هەیە کە نایەنەوێ قوربانی بە پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری و ئاسایش بدەن لە بەشێکی گەورەی ئاسیای بچووك لەسەر بنەمای ئەو ئەفسانانەی کە دواتر هەر بۆ بەرژەوەندی خۆشیان شووم دەبێ.

دەبێ بوون و هەقی وڵاتی موسلمانی کورد لەبیرنەکرێ کە بەشێوەیەکی کاتی ڕێگەی لەو گەرەنتیانە شیاوانە بگرێ کە دەیانەوێ بەشێوەیەکی شەرعی بەو ئەرمەنانەی ببەخشن کە دەمێننەوە.

بەڕێز سەرۆك، تکاتان لێدەکەم دەربڕینی زۆر گەرم و گوڕی ڕێزلێنانم قەبووڵ بفەرموون.

١ ی ئاداری ١٩٢٠

سەرۆکی وەفدی کوردی بۆ

کۆنفرەنسی ئاشتی

٢٠ av. de Messine

بەڕێز سەرۆکی باڵای کۆنفرەنسی ئاشتی

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٦**

"جارنامە"ی

ژێنێرال ماك ئەندرۆ، قوماندانی هێزی ئینگلیز

حەلەب- ١٩١٨

کۆنفرەنسی ئاشتی دەڕوانێتە چارەسەرکردنی پرسی دوارۆژی ئەو وڵاتەی بە ناوی ئەرمێنیا یا کوردستان ناسراوە. بە دڵنیاییەوە کۆنفرەنسی ئاشتی بەگوێرەی پرەنسیپی ئاشکرا بڕیاردەدات کە نەتەوەکان هەقی ئەوەیان هەیە حکومەتی تایبەتیی خۆیان هەڵبژێرن. حکومەتی بریتانیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بەرژەوەندی کوردەکان لە کۆنفرەنسی ئاشتی بەهیچ شێوەیەك چاوی لێناپۆشرێ، بۆیە لەسەر هەموو گەلانی کوردستان پێویستە تا چارەسەرکردنی دوایین جاری دوارۆژی وڵاتەکەیان بە ئاشتی و تەبایی بژین.

ئەوەی تایبەتە بە کوشتارگەی ئەرمەن کە تەنها بەفەرمانی حکومەتی تورك کراوە، شارەستانیەت داوا دەکات کە هەموو ئەو مامورانەی ئەم فەرمانانەیان بڵاوکردۆتەوە زۆر بە توندی سزا بدرێن. هەروەها ئەو بەرپرسانەی کە لە کوشتاری موسلمانەکانیش بەشدار بوون بە هەمان شێوە سزا بدرێن.

دەبێ هەموو ئەو ژن و کچە ئەرمەنیانەی کە لە ماڵی موسلمانەکان دان ئازاد بکرێن و زەوی و ماڵی داگیرکراویان بدرێنەوە بە خاوەنی هەقیانەی خۆیان.

بۆ ئەوەی بە خەیاڵی کەس دا نەیەت کەوا حکومەتی بریتانی سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە بەرامبەر بە کوردەکان پیادە دەکات لە سۆنگەی ئەو کارانەی لە ماوەی جەنگدا کردوویانە، بۆیە حکومەت ئامادەیە لێبوردنێکی گشتیان بۆ دەربکات.

ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە ئەو دوو گەلە کە لە هەمان ناوچەدا دەژین پێویستە دان بە گوناهی خۆیان بنێن بۆ حکومەت و واز لە ناکۆکی و کینە بهێنن دژ بە یەکتری و دەست لە پیلانگێری دژی یەکتر بەربدەن و ئامادە بن بە ئاشتی و نیازپاکی لەگەڵ یەکدا بژین.

ئەمە خواستی دەسەڵاتکارانی ئینگلیزە کە هەقی ئەوەی بەخۆی داوە دادپەروەری پیادەبکات، دژ بە هەموو پیلانسازی ودەسیسەکاریەك بەرامبەر بە گیرەشێوێنانی یاسا و ئەوانەی ئەم پیلانانانە دەگێڕن و دەبنە هۆکاری چاندنی تۆی دوژمنکاری، دووبەرکی، نیگەرانی و نائاسودەیی.

ژێنێرال ماك ئەندرۆ[١٤]

قوماندانی هێزی ئینگلیزی

ناوچەی حەلەب

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٧**

**کۆنستانتینۆپل، ٢٩ ی حوزەیرانی ١٩٢٠**

کۆمیسێریای بەرزی

کۆماری فرانسا

لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری

سیاسیی و بازرگانی

ئاسیا-ئۆقیانووس

ژمارە: ٣٢٢

لە بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە ڕۆژهەڵات:

بۆ بەڕێز جەنابی بەرێز میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن.، وەزیری کارووباری هەندەران لە پاریس.

**لە بارەی میر ئەمین عالی بەدرخان**

ئەمین عالی بەدرخان وەك بە خۆی دەڵێ " دوایەمین میری دەوڵەتی جەزیرە"، پێڕاگەیاندم کە، بەختیار دەبێ هەژموونی کەسیی خۆی بخاتە خزمەت فرانساوە لەو ناوچەنانەی کوردستان کە بەر ناوچەی کۆنترۆلی ئێمە دەکەون.

شەرەفی ئەوەم هەیە لەگەڵ ئەم نامەیە، کۆپی ئەو نامەیەتان بگەیەنمە دەست کە دەربارەی ئەم باسە ئاڕاستەی من کراوە.

ه. دوفرانس

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:٨**

**(کۆپی)**

**کۆنستانتینۆپل، ١٦ ی حوزەیرانی ١٩٢٠**

بۆ جەنابی
بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە
کۆنستانتینۆپل
جەناب،

بنەماڵەی بەدرخان بەم چەند دێرە سوپاسی فرانسا، یەکێك لەو هێزانەی کە کۆنفرەنسی ئاشتی پێکهێناوە، دەکەن، بەوەی ئاواتە نەتەوییەکانی کوردەانیان هێنایە دی لەبارەی دەسەڵاتیی تایبەتیی خۆیان لە وڵاتەکەیاندا، بەوەی سەربەخۆییێکی لۆکالی پێدەبەخشن، بەوەی کە هاوپەیمانەکان دەیخەنە ژێر باڵی گشتیی خۆیان.

بەشێکی باشوری کوردستان ( دەوڵەتی جەزیرەی ئیبن عومەر) دەبێ بخرێتە ژێر چاوەدێری ئابووری فرانسا، بنەماڵەی بەدرخان کە باو و باپیرانی لە سەدەی حەوتەمەوە تا ساڵی ١٨٤٧ ئەم ناوچە تەواو کوردەوارییەیان بەڕێوە بردووەن ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەنە بەردەم ڕۆحی دادوەری فرانسا، بە تکا لەوەی لەبەر چاویان بگرێ.

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەم، ئەمیر سولێمان، کوڕی خالید کوڕی وەلید، کە بە زەبروەشێنی ناسراو بوو و یەکێك لە سەرکردە هەرە گەورەکانی محەمەد بوو، باشووری کوردستان داگیردەکات. دوای مردنی سولێمان، کوڕەکەی عەبدوالعەزیز شاری جەزیرە دروست دەکات و دەیکاتە پایتەختی وڵاتەکەی.، ناوی عەزیزان (کوڕانی عەزیز) لەوەوە هاتووە و ئەم ناوە بەو میرنشینە بڕاوە کە ئەم وڵاتەی بەڕێوە بردووە، ئەو میرنشینەی کە دوا میری، بەدرخانی باوکی ئێمە بوو، کە کۆشکە بەهێزەکەی هێشتا لە جەزیرە هەرماوە.

دوای چەند شەر لە دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بەدرخان ساڵی ١٨٤٧ شکا و وەکو دیلی جەنگ ڕەوانەی کۆنستانتینۆپل کرا. لەسەر داوای خۆی، حکومەتی عوسمانی ڕێگەی پێدەدا لە شام نیشتجێ بێت وهەر لەوێشدا کۆچی دوایی کرد و هێشتا ئەمرۆ گۆڕەکەی ماوە.

ئیمپراتۆریای عوسمانی دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانەکانی دا گرت وەك قەرەبوو بژێویەکی پێدەداین کە نەدەگەیشتە یەك لە سەدی ئەوەی کە دەبوو بیداتەوە. بەهەمان شێوە، لە چەندین بۆنەدا، ئێمە ویستوومانە داوای سەروەت و

سامانی سروشتی و هەقی مێژوویی خۆمان لەولاتی خۆمان دا بکەینەوە.

لە ساڵی ١٨٧٧، دوو کەسیی ئێمە، عوسمان پاشا و حوسێن پاشا، چوونەتەوە جەزیرە و میرنشینەکەی ئێمەیان بوژاندۆتەوە. سولتان عەبدوالحەمید یەکێك لە برایەکانی ئێمە، بەحری پاشای ناردووە تا وایان لێبکات بگەڕێنەوە و وادەی ئەوەی پێداون بۆڕایکردنی هەموو داوایەکانیان. بۆ ئەوەی رێگە لە خوێن ڕشتن بگرن، گەڕاونەتەوە و عەبدوالحەمید یش هیچ لە وادەکانی خۆی بەجێنەگەیاند.

لە ساڵی ١٨٩٢ لەبۆ هەمان ئامانج، خەلیل بەگ و عەبدولرەزاق بەگ، لە ساڵی ١٩١٠ لایدری پاشا ئ میدحەت بەگ، لە ساڵی ١٩١١ حەسەن بەگ، حوسێن پاشا و سولێمان پاشا، وێرای ئەو قەدەغەکارییەی کە حکومەتی تورك خستبوویە سەریان کەچی چوونەتەوە کوردستان. دوو لەوانەی دوایی لە جەنێکدا دژ بە هێزی تورکەکان کوژراون. لە ساڵی ١٩١٦، بۆ دووەم جار، عەبدولرەزاق دێتەوە کوردستان و دەمووەدەست ژیانی خۆی بۆ ولاتەکەی دەکاتە قوربانی. دوای ئەوەی ئەو وردەکاریانەمان خستە بەردەم جەنابی بەڕێزتان، ئێمە دەمانەوێ پێی بلێین کە بە هەموو بەرژەوەندییێکی تایبەت بە جیا، ئێمە نفوزێکی گەورەمان لەناو تەواوی کوردستاندا هەیە و بە تایبەت لەو بەشەی کە کەوتۆتە ژێر منداتی فرانسی.، نفوزێك کە حکومەتەکەی ئێوە دەتوانێ بەکاریبهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی کە تەنها بریتییە لە زامنکردنی ئاشتی و گەشەپێدان لەو ولاتانەی کە دەکەونە ژێر نفوزییەوە.

بەو هیوایەی کە جەنابی بەرێزتان بیەوێ خواستەکانی ئێمە بە حکومەتەکەی ڕابگەیەنێ، ئێمە داوای لێدەکەین کە بە سوپاسگوزاری پێشدەستیانەمان، دەربڕینی زۆر بەرزی رێزلێنانمان قەبووڵ بفەرمووێ.

لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانەوە

ئیمزا: ئەمین عالی بەدرخان،

کوڕی گەورەی میر بەدرخان،

دوایەمین میری دەوڵەتی جەزیرە.

تێبینی:

کورتەیەکی چەند زانیاری گەلێکی پێویست دەربارەی دەوڵەتی جەزیرە بەگەڵ ئەم تێبینییە خراوە

بۆ جەنابی

بەڕێز کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا لە کۆنستانتینۆپل

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٩**

**کۆنستانتینۆپل، ٣٠ ی حوزەیرانی ١٩٢٠**

کۆمیسێریای بەرزی

کۆماری فرانسا

لە ڕۆژهەلات

بەشی کاروباری

سیاسیی و بازرگانی

ئاسیا-ئۆقیانووس

ژمارە: ٣٢٣

له بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا له ڕۆژهەڵات

بۆ بەڕێز جەنابی میللێراند، سەرۆکی ئەنجوومەن، وەزیری کاروباری هەندەران له پاریس

**لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان**

سەرۆکی "کۆمەڵەی کورد" به سوپاس بۆ هاوپەیمانەکان لەوەی سەربەخۆیی کوردستان یان قەبوولکردووە، تکای لێکردووم چەند لەبەر چاوگرتنێك سەبارەت به دیاریکردنیی ئەم دەوڵەته نوێیه بگەیەنمه کۆنفرەنسی ئاشتی.

شەرەفی ئەوەم هەیه هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییێکی ئەم نامەیه که لەمبارەیه ئاڕاستەی کردووم، بگەیەنمه دەست جەنابتان.

**ه. دوفرانس**[١٥]

***

**بەڵگەنامەی ژمارە:١٠**

**کۆپی**

کۆنستانتینۆپل، ٢٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٠

جەنابی کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرانسا

جەناب،

شەرەفی ئەوەم هەیه سوپاسگوزاری "کۆمەڵەی کورد و کوردستان" به کۆنفرانسی بەرزی ئاشتی ڕابگەیەنم بەوەی که سەربەخۆیی کوردستانی قەبووڵ کردووە و هەروەها بەشداری کردووە له دامەزراندنی یەکەمین بناغه نەتەوەییەکانی و پەرەئەستاندنی دواڕۆژی (ئەم وڵاتەی، وەرگێڕ) خستۆته سەر شانی خۆیی و ئەو وادەیەی که به شێوەیەکی گشتی ئەو دەر و ناوچانەی که زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن دەتوانن سوود لەو سەربەخۆییه باسکراوە وەربگرن. وەکی دیکه بۆ ئەوەی کوردەکان بکرێن به تۆخمێکی شایان به هاوپشتیی وەك هاوپەیمانەکان بۆی بچن و بۆ ئەوەی ڕێگەش نەدرێ لەم دەروناوچانه ببنه سۆنگەی هیچ سەرچاوەیەك که بتوانێ له دواڕۆژدا ببێته هۆی ڕووداوگەلی کارەستبار، من تکا له (کۆنفرانسی ئاشتی) دەکەم هەموو ئەو ناوچانەی که زۆرینەی ئەو خەلکانەی تێدا نیشتەجێن کوردن وەك وڵاتی کورد بناسێنێ و له هەمان کاتیشدا باڵادەستیی و هەژمونی مێژوویی و ئیتنۆگرافیی به تایبەتی لەم دەڤەرانەی خوارەوە بناسێنێ:

١- لەسەر سنووری باکووریی کوردستان: هەرێمەکانی ئەرزەرۆم، بتلیس و وان که زۆرینەی زۆری کوردن بۆ ئەم وڵاته بەجێبهێڵدرێ.

٢- له ڕۆژئاوا: هەموو سنجاقەکانی مەلاتییە، وێرای ئەوەی که دەکەونه ڕۆژئاوای فوراتیشەوە، چونکه دانیشتوانی ئەم ناوچەیه سەرلەبەریان کوردن و سەرباری ئەوەش له ڕووی پێوەندییه ئابووری و ئیتنۆگرافیەکانیش سەر به کوردستانن.

٣- له باشوور: هەموو ناوچه درێژبووەکانی جەزیرە، میدیەتن ئورفە، سوروچ، بیراچیك، ڕۆم-قەڵا و چەند ناوچەییێکی دیکه لەوەتای ئیلەهی و حەسەن، له کورد داغ وەوە تا کەنداوی ئەلکسەندەرییه بخرێنه ناو سەربەخۆیی کورد، چونکه هەموو ئەو ناوچانه ئەوانەی که دانیشتوانەکەی به نزیکەیی سەرلەبەریان کوردن، دەتوانن ببنه هۆیەکی هەمیشەیی کێشه و نەهامەتی، ئەگەر له کوردستان دابماڵرێن و زیاد لەوەش ئەو ناوچانه دەروویێکی زەریایی له ئایاس[١٦] به کوردستان دەبەخشن.

٤- وەك چۆن قەناعەتم وایە کە تەنها لەم حاڵەتانەی کە کە باسمکردن دەتوانرێ کوردستانێك دروست بکرێ کە بتوانێ بژی و بۆ ئامانجی هاوپەیمانەکان کار بکات. بە پێچەوانەوە، واتە ئەگەر ئەم ناوچە زیندووە هەرە گرینگانە لە کوردستان دابماڵرێن تا بە وڵاتە هاوسێیەکانییەوە بلکێندرێن، ئەوا تەنها دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی جیاوازی و زیان پێگەیاندن، من تکا لە جەنابتان دەکەم لە رێگەی مشورخواردنی چاکی حکومەتەکەتان ئەم نامەیە بۆ " کۆنفرانسی ئاشتی" بگوازنەوە.

جەناب، قەدرزانینی زۆربەرچاوم قەبووڵ بفەرمووە.

سەرۆکی کۆمەڵەی کورد و
کوردستان
ئیمزا: عەبدولقادر

❊❊❊

(کۆتایی ئاڵقەی یەکەم)

**پەراوێزەکان**

١- هەموو ئەم ژمارانەی ئێرە کە دەکەونە سەرووی بەڵگەنامەکانەوە لە دانانی ئێمەن و هیچ پێوەندییەکیان بە بەڵگەنامە ئۆریژیناڵەکانەوە نییە، وەرگێر.

2- George Clemenceau
3- Comité Union et Progrès
4- Orient proche
5- Elisée Reclus
6- Djoudi
7- Albert Mallet
8- Charrysoul
9- Momsen
10- Nuttals
11- Tigran
12- Pompée
13- Basiloff
14- Le Général Mack Andrew
15- H. Defrance

١٦- لە نامەکە نووسراوەPyas، بەڵام ڕاستییەکەی ئایاس-ە Ayas و ئەمە هەڵەی تایپکردنە، وەرگێڕ.

E 311
Ministère des Affaires Étrangères
Cabinet du Ministre
5 MARS 1920
CHEF DU CABINET
Kurdistan
1er mars

# MÉMOIRE

*présenté par*

*le Général* CHÉRIF PACHA

*Président de la Délégation Kurde*

*à*

*Monsieur le Président du Conseil Suprême*
*de la Conférence de la Paix*


ALEXANDRETTE
ALEP
ALBISTAN
SIWAS
BESNI
MALATIA
EGIN
KHOZAT
KHARPUT
ERZINDJAN
ERZERUM
HINIS
RAS EL AIN
DIARBEKIR
MARDIN
NESIBIN
MOUCH
BITLIS
SEIRD
DJIRE
WAN
KARS
MOUSSOUL
DJOLEMERIK
BACHKALE
ERBIL
RAWANDIZ
KERKUK
BAGDAD
EUPHRAT
TIGRE
KURDISTAN CENTRALE
PERSE
FRONTIÈRE TURKO-PERSAN
FRONTIÈRE DE KURDISTAN
GROUPES DES VILLAGES KURDE

PROCLAMATION



La Conférence de la Paix est en train de résoudre le problème de l'avenir des pays connus sous le nom d'Arménie ou le Kurdistan. Il est certain que la Conférence de Paix, conformément à son principe établi, décidera du fait que les nations ont le droit de choisir leurs gouvernements particuliers. Le Gouvernement Britannique donne en meme temps l'assurance que les intérets des kurdes ne seront point perdus de vue dans le congrès. Les peuples du Kurdistan n'ont donc qu'à suivre en paix jusqu'à la solution définitive de l'avenir de leur pays.

Quant a ce qui concerne les massacres arméniens qui n'ont été organisées qu'à la suite des ordres du Gouvernement turc, la civilisation demande que tous les fonctionnaires qui ont donné ou publié ces ordres soient chatiés et punis de la façon la plus rigoureuse et la plus sévère. De meme que ceux qui sont responsable des mass acres des musulmans seront soumis au meme chatiment.

Toutes les femmes et les filles arméniennes qui se trouvent dans les maisons des musulmans doivent etre mises en liberté et toutes les propriétés et les maisons qui ont été saisies de force doivent etre restituées à leurs propriétaires légitimes.

Il ne doit venir à l'esprit de personne que le Gouvernement britannique usera de représailles envers les

Kurdes pour les agissements auxquels ils se sont livrés pendant la guerre, car il est disposé à les dispenser de toute peine et leur accorder un pardon absolu.

Il est de toute nécessité que les deux peuples habitant le meme territoire avouent leurs crimes au Gouvernement, laissent de coté toute rancune et toute intrigue et s'efforcent de vivre en bons rapports, en toute paix et avec une parfaite pureté d'intention.

Ce sont les désirs de l'autorité anglaise qui se réservera le droit d'appliquer sa justice, en toute intégrité et toute équité, aux perturbateurs de l'ordre et aux auteurs de ces intrigues et de ces dénonciateurs qui sont les causes des dissensions et des inimitiés, des troubles et de l'insécurité parmi le peuple.

le Général MACK ANDREW
Commandant les forces Anglaises
Zone d'Alep

COPIE

Constantinople, le 16 Juin 1920.

A Son Excellence

Monsieur le Haut Commissaire de la République Française

à Constantinople

Excellence,

La famille de l'Emir Bédirkhan vient par ces lignes remercier la France, une des Puissances formant le Congrès de la Paix, d'avoir réalisé les voeux nationaux des Kurdes, concernant leur propre autorité dans leur pays, en leur accordant une autonomie locale, qu'Elles prennent sous Leur commune assurance.

Une partie du Sud du Kurdistan (Etat de Djeziré-Ibni-Omar) devant être soumise à la surveillance économique de la France, la famille Bédirkhan, dont les ancêtres ont dominé cette contrée proprement Kurde, du 7ème siècle à l'année 1847, soumet les points suivants à l'esprit de justice de la France, en La priant de les prendre en considération.

Dans la seconde moitié du 7ème siècle, l'Emir Suleiman, fils de Khalide-ibni-Vélid surnommé le Fougueux, un des plus grands commandants de Mahomet, conquit le sud du Kurdistan. Après la mort de Suleiman, son fils Abdul-Aziz fonda la ville de Djeziré, et la fit capitale de son Etat; c'est de là que vient le nom de Azizan (fils de Aziz) donné à la dynastie qui a régné dans ce pays, dynastie dont le dernier Emir fut Bédirkhan, notre père, dont le chateau-fort existe encore à Djeziré.

Après plusieurs batailles contre l'Empire Ottoman, Bedirkhan fut vaincu en 1847, et amené comme prisonnier de